# نۆستالیژیا لە شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ صالح)دا

**عزالدين ڨابر محمد**
ماجستیر لە ئەدەب و زمانی کوردیی
زانکۆی کەرکوک
کۆلێژی پەروەردە/بەشی زمانی کوردی
azadinsabir@uokirkuk.edu.iq

## پێشەکی:

نۆستالیژیا وەك بابەتێکی گرنگی سایکۆلۆژی کە پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، پانتاییەکی فراوانیشی لە ئەدەبدا داگیرکردووە. ئەم چەمکە بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و خەمی دووری و گەڕانەوە بۆ نیشتمان دێت. بێگومان نووسین و توێژینەوە و قسەکردن لەسەر چەمکی نۆستالیژیا وەك چەمکێکی هاوبەش لە نێوان سایکۆلۆژیا و زۆربەی زانستەکانی تر بە گشتی و ئەدەب بە تایبەت، کارێکی هەندێك گرانە و پێویستی بە خوێندنەوە و ئاگاداری تەواو هەیە لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنان و پێناسە و واتا فرە ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە. شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ سالح) هەڵگری هەندێك لە جۆرەکانی نۆستالیژیان و ئەم توێژینەوەیەش لەمەڕ ئەو بابەتە نووسراوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی نۆستالیژیا و جۆرەکانی لە ئەدەبدا باسکراوە. بەشی دووەمیش کە بەشێکی کرداری (پراکتیکی)یە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا.

## ڕێبازی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی (وەسفی ـــ شیكاریی) نووسراوە ، بەجۆرێك لە بەشی یەكەمدا ، چەمك و پێناسەی نۆستالیژیا و جۆرەكانی باسكراوە و لە بەشی دووەمدا بەشێوەی پراكتیكی چەند نمونەیەكمان لە شیعرەكانی (شێخ نووری) وەرگرتووە.

## هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە:

بەهۆی ئەوەی نۆستالیژیا لەمڕۆدا بابەتێكی گرنگی ئەدەبە و لێكۆڵینەوە لەم بوارە هۆكارێكە بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێش چوونی ئەدەبی هەر میللەتێك، ئەگەرچی لە ئەدەبی كوردیدا بەم ساڵانەی دوایی گرنگی پێدراوە، بەڵام وەك بەشێكی گرنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، ئەم بابەتەمان هەڵبژارد. لێكۆڵێنەوە لە نۆستالیژیا لە شیعرەكانی (شێخ نووری)دا هێندە نەبۆتە جێی باس و لێكۆڵێنەوە، ئەمەش پاڵی پێوە نایین ئەم لێكۆڵینەوەیە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بكەین.

# بەشی یەكەم/ پێناسە و زاراوەی نۆستالیژیا:

## تەوەری یەكەم/ مێژوو و زاراوەی نۆستالیژیا:ــ

بێگومان نووسین و توێژینەوە و قسەكردن لەسەر چەمكی نۆستالیژیا وەك چەمكێكی هاوبەش لە نێوان سایكۆلۆژیا و زۆربەی زانستەكانی تر بە گشتی و ئەدەب بە تایبەت، كارێكی هەندێك گرانە و پێویستی بە خوێندنەوە و ئاگاداری تەواو هەیە لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و بەكارهێنان و پێناسە و واتا فرە ڕەهەندەكانی ئەم چەمكە.

سەبارەت بە نۆستالیژیا و پێناسەی ئەم چەمكە بیر و بۆچوونی جیاواز بوونی هەیە، چونكە ڕاستە نۆستالۆژیا چەمكێكی گرنگی دەروونی و سایكۆلۆژییە، بەڵام لەم ڕۆژەدا

خزاوەتە نێو زۆربەی بوار و كایە جیاجیاكانی زانست و هەر یەكێك لەم بوارانە بەپێی گونجان لەگەڵ جەوهەر و سروشتی كارەكەی خۆیان پێناسەیان بۆ كردووە. ((نۆستالیژیا لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی پێكهاتووە، بەم شێوەیە (Nostos) بە واتای گەڕانەوە، (algos) بە مانای ژان و ڕەنج و حەسرەت دێت.)).(عەبدوڵلا، ٢٠١٦، ل١٥). كەواتە نۆستالیژیا چەمكێكی لێكدراوە و بەمانای خەمی غوربەت و هەست كردن بە نامۆیی و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕابردوو دێت. ((لە زۆربەی فەرهەنگەكاندا لەبەرامبەر وشەی نۆستالیژیا (خەمی غوربەت، گەڕانەوە بۆ نیشتمان، حەسرەت بۆ ڕابردوو) بەكار هاتووە. لە زمانی ئینگلیزی لەبەرامبەر وشەی نۆستالیژیا زیاتر وشەی (Home sickness بەكاردێت))).(صیادی، ١٣٩٠، ل١١). دەتوانین بڵێین: ((نۆستالجیا، نوستالیژیا، وشەیەكی یۆنانی كۆنە و ئاماژە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشیانە دەكات كە دووچاری نەخۆش دەبێت، بە هۆی سۆزی گەڕانەوە بۆ ژینگەی خۆی)).(ئەسوەد، ٢٠١١، ل٣٢٨).

ئەم چەمكە سەرەتا لە زانستی پزیشكییەوە هاتە نێو زانستی دەروونناسییەوە و دواتر هاتە نێو بواری ئەدەبەوە. لە سەرەتا دا ئەم زاراوەیە بۆ ئەو كەسە غەمگین و خەمبارانە بەكاردەهات كە تاسە و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەرزەمین و نیشتمانی دایكیان دەكرد. بەڵام بە تێپەڕبوونی كات شێوەیەكی گشتگیری وەرگرت و بە مانای خەمی غوربەت و حەزی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بەكاردێت.

دەتوانین بڵێین: ((نۆستالیژیا چەمكێكی دەروونناسییە و بەیانگەری حاڵەتێكی نەستی و ناخودئاگایە كە لە ناخی شاعیر یان نووسەر سەرهەڵدەدات. ئەم هەستە گشتی و سروشتییە كاتێك ئاشكرا دەبێت كە تاك لە هزری خۆیدا ئارەزووی گەڕانەوە دەكات بۆ ڕابردوو و بەمەش تووشی خەم و دڵتەنگی دەبێت)).(بلاوی، ١٣٩٨، ل٥٣).

نۆستالیژیا لەڕووی وشەییەوە وشەیەکی لێکدراوە و وەك وتمان لە دوو وشەی سادەی یۆنانی پێکدێت، بەڵام لەڕووی زاراوەییەوە (نۆستالیژیا) ((زاراوەیەکی فەڕەنسییە، واتا زاراوەییەکەی لە واتا وشەییەکەی نزیکە، بە واتاکانی: داخ و حەسرەت بۆ ڕابردوو، حەزکردن بە گەڕانەوە بۆ ماڵ... دروستبوونی هەستی غەریبی لە لای مرۆڤ دێت)).(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ل١٥). خەم و حەسرەت و دڵتەنگی و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تایبەت نییە بە چین و توێژێکی تایبەت یان قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵکو دەشێت ئەم هەستە لە لای زۆربەی چین و توێژەکان هەبێت و لە هەموو کات و سەردەمەکاندا ڕەنگ بداتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، بە جۆرێك کە بیری مرۆڤ بۆ چرکە ساتێکیش ناوەستێت. سەدان و هەزاران بابەت هەن کە بە هزر و مێشکی مرۆڤدا گوزەر دەکەن و خەیاڵی داگیر دەکەن. بیرکردنەوە لە ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، هەمیشە لە خەیاڵدانی مرۆڤدا ئامادەگی هەیە. هەندێك لە شارەزایانی بواری دەروونزانی چەقبەستنی مرۆڤ لە ڕابردوو و زۆر بیرکردنەوە لەو شتانەی کە تێپەڕیون و نایەنەوە بە نەخۆشی و شتێکی نەرێنی دەزانن. پێوستە مرۆڤ وانە لە ڕابردوو وەربگرێت و بیکاتە بنەمای کارکردن و هەنگاونان بەرەو قۆناغی داهاتوو نەك خەم و حەسرەت بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمانە خەیاڵی داگیر بکات؛ هەر بۆیە نۆستالۆژیاش لە سەرەتادا و پێش ئەوەی بێتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبەوە وەك جۆرێك لە نەخۆشی دەروونی ناسێنراوە، چونکە نۆستالیژیا ((بریتییە لە جۆرێك لە حەسرەت و خەمی ڕابردوو کە ئەگەری گەڕانەوەی نییە و تێپەڕیوە و یەکێکە لە بنەما سەرەکی و گرنگەکانی ئەدەب و لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی شاعیران و نووسەراندا ڕەنگی داوەتەوە)).(جعفری، ١٣٩٦، ل٦٤).

چەمکی نۆستالیژیا لە ئەدەبدا چەمکێکی نوێیە و ئەگەر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمانی پێشوو بە دوای ئەم چەمکەدا بگەڕێین نایدۆزینەوە و دەستمان ناکەوێت. ئەگەر

بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بەکارهێنانی وشەکە، دەبینین کە بۆ یەکەم جار پزیشکێکی (سویسری) بەناوی (جوهانس هوفەر) ئەم وشەیەی لە وتارێکدا بەکارهێنا کە دەربارەی حاڵەتی نەخۆشی دوو کەسی نەخۆش نووسیبووی. ئەم وتارە لە ڕێکەوتی (٢٢ی حوزەیرانی ١٦٨٨) دا بڵاوکرایەوە. یەکێك لە نەخۆشەکان خوێندکارێکی خەڵکی شاری (بێرن) بوو کە هاتبوو بۆ (بازڵ) و نەخۆشەکەی تریش خزمەتکارێك بوو. ئەم دوو نەخۆشە تووشی حاڵەتێکی تایبەت و دەگمەنی دەروونی بووبوون کە بە ئاسانی لەلایەن پزیشەکەکانەوە دەست نیشان نەدەکرا. بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ شاری خۆیان و نزیکبوونەوە لە کەس و کار و خۆشەویستانیان بە تەواوی چاك بوونەوە و باری خرایی دەروونیان بەرەو باشتر ڕۆیشت. ئەم جۆرە نەخۆشییە لەناو ئەو سەربازانەش بەدی دەکرا کە دوور لە وڵات یاخود شاری خۆیان خزمەتیان دەکرد و لە ئەرکدا بوون. لە سەرەتادا وای بۆ دەچوون کە ئەم سەربازانە بەهۆی هەندێك گۆڕانکاری فیزیکی و فسیۆلۆجی کە لەکاتی شوێن گۆڕکێدا لە جەستەدا ڕوودەدات دووچاری ئەم نەخۆشییە بوونەتەوە، بەڵام دواتر دەرکەوت خەمی دووری لە نیشتمان و تاسەی دووری ئازیزان هۆکاری تووشبوون بەم نەخۆشییەیە.

ئەگەرچی نۆستالیژیا زاراوەیەکی دەروونزانییە، بەڵام هەر زوو سەرنجی فەیلەسوفانیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و ئەوانیش سەرنج و دید و بۆچونی خۆیان لەم بارەیەوە خستەڕوو. (هالر) وتارێکی دەربارەی ئەم چەمکە لە گۆڤاری زانستی (Diberot) دا بڵاوکردەوە. (ڕۆسۆ) باسی ئەوەی کرد کە چۆن میلۆدییەك دەتوانێت بە شێوەیەکی سەیر مەیلی نۆستالۆژیا ببزوێنێت و ببێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی حەز و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. (کانت) پێی وابوو کە نۆستالیژیا نەخۆشییەك نییە کە ببێتە هۆی دروستبوونی حەز و مەیلی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵکو بەهۆی هەژارییەوە دروست دەبێت و باشتربوونی بارودۆخی دارایی و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی دەتوانێت کۆتایی

بەم نەخۆشییە بهێنێت. واتا (کانت) نۆستالۆژیای بە خراپی بارودۆخی ئابووری تاك بەستەوە نەك دووری لە نیشتمان و زێدی لەدایکبوون. نزیکەی سەدەیەك دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی (هوفەر) لە ساڵی (١٨١٥)دا بارودۆخ بە جۆرێك گۆڕا کە ژمارەی کۆچکردووانی تاراوگە و سەربازانی ڕۆیشتوو بۆ دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و ڕێژەی تووشبووان بە نەخۆشی دەروونی نۆستالیژیا چەند هێندە بەرز بۆوە. لەم کاتەدا پزیشەکەکان ئەزموونێکی باشتریان پەیدا کردبوو و بە هۆی بەبیرهێنانەوەی ئەزموونێکی خۆشی ڕابردوو، نەخۆشەکانیان چارەسەر دەکرد. (بارون پرسی) کە یەکێك بوو لە پزیشکەکانی ئەو سەردەمە دەڵێت: چارەسەری ئەم نەخۆشییە دەبێت رۆحی بێت نەك دەرمانی، چونکە ئەزموون سەلماندوویەتی کە بەکارهێنانی دەرمان نەك هەر نەخۆشییەکە چارەسەر ناکات، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر نەخۆشەکە بەجێ دەهێلێت و بارودۆخی خراپتر دەکات. (ویکی پارسی، ٢٠٢٠، ل١).

واتا و مەبەستەکانی چەمکی نۆستالیژیا وەك شێوەی سەرەتا نەمایەوە و بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا هات. وەك پێشتر باسمان کرد نۆستالۆژیا لە سەرەتادا وەك سۆز و تاسەی دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان نیشتمان پێناسە دەکرا، بەڵام دواتر ئەم واتایە وەك خۆی نەمایەوە و گوازرایەوە بۆ هەموو جۆرە مەیل و خولیایەك کە ناخ و دەروونی مرۆڤ داگیر دەکەن. نۆستالیژیا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەڵگری ڕەهەند و دەلالەتی جیاوازە و تەنها کورت ناکرێتەوە بۆ ئەزموونێك کە لە ڕابردوودا بوونی هەبووە و تێپەڕیوە، بەڵکو پەیوەندی بە ئایندە و خۆشەویستی و سۆز و دووری لە یار و یۆتۆپیا و سروشت و چەندین بابەتی ترەوە هەیە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە یەکێك لە ڕەگەز و تایبەتمەندییە گرنگەکانی نۆستالیژیا بریتییە لە ڕەشبینی. ئەوە

ڕەشبینییە وا لە مرۆڤ دەکات لە (ئێستا) بێزار بێت و تامەزرۆی (ڕابردوو) بێت. بەدبینی یاخود ڕەشبینی وا دەکات مرۆڤ لە (ئێستا) هەڵبێت و پەنا بۆ (ڕابردوو) ببات. خودی نۆستالیژیاش بە کورتی بریتییە لە: ئارامگرتن لە باوەشی ڕابردوودا.لەم سەردەمەدا ڕەشبینی وەك بەشێك لە نۆستالیژیا تەماشا دەکرێت. ڕەشبینی وەك چەمکێکی زەق و دیار و گرنگ لەناو فەلسەفەدا مێژوویەکی کۆنتر و دوورتری هەیە. لە فەلسەفەدا قوتابخانەیە ك بوونی هەیە بەناوی (قوتابخانەی ڕەشبینی) کە بە (هیراکلیس)ی فەیلەسوفی یۆنانی لە ساڵی (٥٠٤) ی پێش مەسیح دەستپێدەکات تا دەگاتە (شۆپنهاوەر و هارتمان و ئیمیل سیوران). (هیراکلیس) ((بە درێژایی ژیانی داخی ئەوەی هەبوو کە هاتووەتە دونیاوە)).(مهرین، ٢٠٠٩، ل١٧). دنیا لەلای (هیراکلیس) ڕوویەکی ناشرین و بێزراوی هەبوو و شایستەی ئەوە نەبوو مرۆڤ تێیدا بژی. (شۆپنهاوەر) یش کە بە باوکی فەلسەفەی ڕەشبینی نوێ دادەنرێت دەڵێت: ژیان نەگبەتییە و ((هەموو شتەکان لە ژیان پێشانمان ئەدەن کە خۆشبەختی زەمینەیەکی نادیار و ئارەزوویەکی نادیارە. ژیان مامەڵەیەکە کە بە تێکشکان و داڕمانێکی تەواو کۆتایی دێت)).(مهرین، ٢٠٠٩، ل٢٦٤). ئەم ڕەشبینییەی (شۆپنهاوەر) هەڵگری سیمایەکی نۆستالیژییانەیە و زادەی هەستی نامۆبوونە بە (ئێستا) و ڕاکردنە لێی. لە بەرامبەر ئەم پووچ و بێ بایەخ بوونەی ژیاندا (شۆپنهاوەر) هیچ بەدیل و جێگرەوەیەکی پێ نییە و بەمەش خوێنەر تووشی نائومێدی و شڵەژان دەکات. لە شوێنێکی تر دەڵێت: ((لە هەر شوێنێك بیت ئاسمان هەر ئەم ڕەنگەیە)).(مهرین، ٢٠٠٩، ل٢٤٨). دەبینین نۆستالیژیای نیشتمان لەلای ئەم فەیلەسوفە ڕەشبینە واتا و ڕەهەندێکی تری هەیە. ڕەشبینییە نۆستالیژییەکەی ئەو بە گەڕانەوە بۆ هیچ نیشتمانێك چارەسەر نایێت، بەڵکو ژیان لای ئەو کایەیەکی پووچی بارگاوییە بە نائومێدییەکی قووڵی بێ چارەسەر. لەمەوە قوتابخانەی

ڕەشبینی بوو بە هەوێنی لەدایکبوونی نۆستالیژیا لە ئەدەبدا و بەمەش ئەم چەمکە ڕوخسارێکی تری وەرگرت.

## تەوەری دووەم/ نۆستالیژیا و ئەدەب:

نۆستالۆژیا پەیوەندییەکی بەهێزی بە ئەدەبەوە هەیە و ئێستا وەك دووانەیەکی لەیەك دانەپڕاو تەماشا دەکرێن. ئەگەر لە کۆندا نۆستالۆژیا وەك حاڵەتێکی دەروونی و تایبەت بە بواری دەروونزانی وێنا دەکرا، ئەوا ئەمڕۆ بە تەواوی بووە بە بەشێك لە ئەدەب و ئەم چەمکە لەناو ئەدەبدا بوونی خۆی پاراستووە و توانیویەتی درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. ئەگەر ئەدەب نەبووایە ڕەنگە ئەم چەمکە بەم ئە رادە یە ی ئێستا بەربڵاو و ناسراو نەبووایە و وەك وشەیەکی گومناو و نامۆ بمایەتەوە.

نۆستالۆژیا نزیکەی پەنجا ساڵ لەدوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەی (هوفەر) وردە وردە مەیدانی سایکۆلۆژیا بەجێ هێشت و هاتە ناو ئەدەبەوە. لە ناو ئەدەبدا وەك نەخۆشی تەماشا نەدەکرا، بەڵکو ئاماژەدان بوو بە هەستی ڕۆمانتیکی و خەمی درەنگ لەدایکبوون. دەتوانین بڵێین ئەم چەمکە زیاتر لە ڕێبازی ڕۆمانتیکدا بەرجەستە دەبوو، چونکە ئەم ڕێبازە گرنگی بە گەڕانەوە دەدا بۆ ناو خودی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی دەدواند. نۆستالۆژیا لە سەردەمی ڕۆمانتیکی فەڕەنسا، لە بەرهەمەکانی (هۆگۆ و بالزاك و بۆدلێر و سارتەر) واتای جیاجیای هەڵگرتووە. لە بەرهەمەکانی (هۆگۆ) دا واتای (دەردی سووتێنەری دووری لە نیشتمان)ی وەرگرتووە. لە بەرهەمەکانی (بۆدلێر) دا بە مانای ئیشتیاق و تامەزرۆیی بۆ سەرزەمینی بێگانە، تامەزرۆیی و خەم بۆ شتە لە دەستچووەکان هاتووە. لە بەرهەمەکانی (ژان پۆل سارتەر) دا بە مانای تامەزرۆیی پووچ بوون بەکارهاتووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئیتر نۆستالۆژیا واتای دووری لە نیشتمانی جوگرافیایی هەڵدەگرێت. (مارسێل برۆست) لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمانی

لەدەستچوو) دا باسی ئەوە دەکات کە چۆن پاڵەوانی ڕۆمانەکەی لە دوای خواردنەوەی چایەك دەکەوێتەوە یادی سەردەمی منداڵی و یادگارییەکانی لەگەڵ پووریدا. ئەو سەردەمەی کە منداڵێکی بەختەوەر و خۆشبەخت بوو نەك پیاوێکی دڵتەنگ و بێزار لە ژیان. ڕەنگە بتوانین ڕۆمانی (نەفامی) ی (میلان کۆندێرا) وەك تازەترین بەرهەمی ئاوێتە بە هەستی نۆستالۆژیا بناسێنین. (ویکی پارسی، ٢٠٢٠، ل١).

دەشێت دیمەنێك ببێتە هۆی دروستبوونی هەستی نۆستالیژیا لە تاکەکان. یاخود بۆنێك، دەنگێك، ڕەنگێك، ئاوازێك، تامێك، یان هەر شتێکی تر کە مرۆڤ دەبەنەوە بەرەو سەردەمی زووتر و یادەوەرییەکیان بیر دەهێنێتەوە هەستی نۆستالیژیا بخولقێنێت. نووسەری ئەمەریکی (فیشەر.کەی.ئێف) داهێنەری نۆستالیژیای (تام کردن)ە لە ئەدەبدا. لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەو هەستی تام کردنە ڕەنگی داوەتەوە کە نووسەر یاخود پاڵەوانی بەرهەمەکانی بەرەو سەردەمی یادەوەرییەکی زوو دەباتەوە. (لۆرد بایرۆن) دەڵێت: سەردەمی ڕابردوو، هەموو ئەو کاتانەی کە تێپەڕیون زۆر باشن. (ویکی پارسی، ٢٠٢٠، ل١). لێرەدا دەبینین (بایرۆن) هەموو کات و زەمانێکی ڕابردوو بە باش دەزانێت و یادکردنەوەشی بە چێژبەخشترین شت دادەنێت. ئەمەش بە تەواوی بریتییە لە هەستی نۆستالیژیانە.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە نۆستالیژیای دووری نیشتمان پێش ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەکان سەرهەڵبدات و وەکو چەمکێکی سایکۆلۆژی و ئەدەبی باسی لێوەبکرێت، لەلای شاعیری عارف و سۆفی ئیسلامی باسی لێوە کراوە و دەتوانین بڵێین دیوانی زۆربەی شاعیرانی عارف فیراقنامەیە و بۆ دووری نیشتمانی ڕاستەقینە و مەعشوقی ئەبەدی وتراوە. بەڵام زاراوەی (نۆستالیژیا) لە لە بەرهەمەکانیاندا بەدی ناکرێن، ئەگەرچی بە ناوەڕۆك نۆستالیژیا بە تەواوی لەناو دەقەکاندا ئامادەیی هەیە. غوربەت و دووری لە نیشتمان لەلای عاریفان

زۆر جیاوازە، چونکە نیشتمانی ئەوان جیاوازە. ئەمەشیان لە دەقی قورئان و فەرمودە و کلتوری ئیسلامی وەرگرتووە.

دەبینین نیشتمان لەلای مەولاناى رۆمی بریتییە لەو بەهەشتەی کە باوکە ئادەم و دایکە حەوای لێدەرکرا و لەو ڕۆژەوە ئیتر ئەم سەرزەمینە بۆ ئێمە مەنفا و غەریبستانە و تا نەچینەوە نیشتمانی ڕەسەن و بنەڕەتی خۆمان ئاسودە و دڵخۆش نابین. مەولانا خۆی بە (نەی) و نیشتمانیش بە (نەیستان) دەچوێنێ و دەفەرموێت:

کـــــز نیستـــــان تـــا مـــرا ببـــریدەانـد

از نفیـــرم مـــــرد و زن نـــالیـــــدەانـــد

هرکسی کو دور مـاند از اصل خویـش

بـــاز جــویــد روزگار وصـــل خـــــویـش (رومی، ١٣٨٦، ٢)

واتا: لەو ڕۆژەوەی منیان لە شوێنی ڕەسەن و نیشتمانی ڕاستەقینەم (نەیستان) پڕیوەتەوە، پیاو و ژن ناڵە و هاواری خۆیان تێکەڵ بە ناڵە گیان سووتێنەرەکانی من کردووە و لەگەڵ مندا دەناڵێنن. لەگەڵ مندا لەدەست دەردی فیراق و دابران خەریکی ناڵە و شین و گریانن. مەبەستی سەرەکی ئەم دێرە ئەوەیە کە رۆحی ئادەمیزاد لە پلەی جیهانی باڵاوە بۆ ئەم جیهانە ماددییە کەوتە خوارەوە و زۆر غەمگین و خەفەتبارە و تامەزرۆی ئەوەیە بۆ نیشتمانی ئەسڵی خۆی بگەڕێتەوە. هەرکەسێك دوور کەوێتەوە لە ئەسڵ و بنەڕەتی خۆی، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت جارێکی تر بۆی بگەڕێتەوە و بە ڕۆژگاری ویساڵ شاد بێتەوە. ئەمە گوزارشتە لە حاڵی ڕاستەقینەی مرۆڤ کە هیچ کات لە غوربەتدا ناحەسێتەوە. ئاسودەیی مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی بەدەست دێت.

هەروەها شاعیر و عارفی گەورەی کورد (مەحوی) لە چوارینەیەکدا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەم هەستی غوربەتە دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەو شـــەڕانی، مـــــن ئومێـدی ئـاشـتیم

(پــر غلط بــود آنچـــــه مــــا پنداشـتیم)

کێ لە باغی قودسی هەڵکەندم هەر ئەو

ناشتــــی لەم شــــــورەزارەم ناشـــــتیــم

(دیوانی مەحوی، ل٣٩٠)

ئەم چوارینەیە یەکێکە لە چوارینە هەرە جوان و پڕ ماناکانی حەزرەتی مەحوی کە بە چەند وشەیەکی کەم بەڵام بەهێز و پڕ مانا (قل و دل) سەرگوزەشتەی ئادەمیزاد و حیکایەتی ژیان و ماجەرای وجود دەگێڕێتەوە. ئەم چوارینەیە گوزارشتە لە پەیوەندی نێوان زەوی و ئاسمان، ژیان و مردن، دونیا و دواڕۆژ، سەرەتا و کۆتایی ئێمە. نیوەدێڕی دووەمی ئەم چوارینەیە هی خواجە حافزی شیرازییە و مەحوی تێکهەڵکێشی کردووە:

مــا ز یاران چـــشم یــاری داشتیم
خــود غلط بود آنچه مــا پنـداشتیم

(دیوان حافظ, غزل٣٦٨)

بەڵام مەحوی وشەی (خود)ی کردووە بە (پر)... مەحوی دەفەرموێت: ئەو شەڕانی من ئومێدی ئاشتیم... مەبەستی مەحوی لە جێناوی کەسی سەربەخۆ (ئەو) دونیایە. واتە ئێمە بە ئومێدی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ڕەحمەت هاتینە مەیدانی ژیانەوە، چاوەڕوانی دۆستی و میهرەبانی و موحیببەت بووین، ویستمان دەست لە گەردنی ئاشتی و ئارامی بکەین، بەڵام (پــر غلط بــود آنچــه مــا پنداشتیم)، ئەوەی ئێمە بیرمان لێدەکردەوە وا دەرنەچوو، بۆچوون و لێکدانەوەکانی ئێمە پڕ لە هەڵە و نادروستی بوون، ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە هەمانبوو تەنها

مشتێک خەیاڵ و وەهم و پووچی بوو، واتە "بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا و هەر سەرابێ بوو"... بەڵێ دنیا لە سەرابێکی فریودەر پتر نەبوو.

کەواتە ئێرە شوێنی مەحوی نییە، نیشتمانی ئەو نییە. نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو "باغی قودسە". ئەو نەمامی باخێکی ترە، باخی قودس، بەهەشت، نیشتمانی ئەزەلی و ڕەسەنی ئەوە. بەڵام لەو باخە هەڵکەندرا، لەوێ نەمایەوە. هەر ئەو کەسەی کە مەحوی لەو باخە هەڵکەند، ئەوی لەم باخە ناشت کە باخی دونیایە. مەحوی وەکو نەمامێک لەو باخە پیرۆزە هەڵکەندرا و هێنراوە بۆ باخێکی تر کە شوێنی ئەو نییە، کە نامۆیە بەو، کە مەنفا و غوربەتی ئەوە. مەحوی لەوێ (شت) بوو، بوونی هەبوو، بەڵام ئێستا بووە بە (ناشت)، ئەوەتا دەفەرموێت (ناشتیم). هەروەها مەحوی زەوی دونیا بە زەوییەکی شورەزار ناو دەبات، شورەزار ئەو زەوییەیە کە هیچی تێدا ناڕوێت، هیچ نەمامێکی تێدا ناژی و سەوز نابێت، بۆیە مەحوی وەکو نەمامێک ناتوانێت لێرە بەهیوای گەشە بێت. مرۆڤ ناتوانێت لێرەدا دروست ببێت. ئێرە خاکی ئەو نییە و تێیدا ناڕسکێت. هەروەکو چۆن گیا و سەوزایی لە زەوی شۆرەکاتدا پێناگات، مرۆڤیش لە دنیادا پێناگات، ئەم خاکە خاکی ڕسکان و دروست بوون و پێگەیشتنی مرۆڤ نیە. مرۆڤ کاتێک دەگات بە پلەی کەمال کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی یەکەمی خۆی. لەوێ ئەم ناتەواوییەی تەواو و کامل دەبێت. دەبینن ئەم دوو بۆچوونەی (مەولانا و مەحوی) زۆر بەڕوونی هەستی نۆستالۆژیای دووری لە نیشتمانیان تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر لە شاعیرانی تر و فەیلەسوفان.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم/ جۆرەکانی نۆستالیژیا لەناو ئەدەبدا:

بە گشتی نۆستالۆژیا لەناو ئەدەبدا دەبێتە دوو جۆری سەرەکی کە بریتین لە:ـــ

**یەکەم/ نۆستالیژیای تاك:** ئەم جۆرە لە نۆستالیژیا پەیوەندی بە تاکەکەسەوە هەیە. واتا پەیوەندی بە خودی شاعیر یان نووسەرەوەیە. لەم جۆرەدا شاعیر گوزارشت لە هەستێکی تایبەتی خۆی دەکات کە تەنها لەلای ئەو بوونی هەیە و هیچ کەسێکی تر لەگەڵێدا هاوبەش نییە. ((شاعیر، یان نووسەر لەم جۆرەدا نۆستالیژیایەدا گرینگی بە ماوەیەکی زەمەنی لە ژیان و بەسەرهاتی ژیانی خۆی دەدات و لە بەرهەمەکەیدا دەیخاتەڕوو. باسی ئەو شوێنانە دەکات کەوا تایبەتن بە خۆی و غوربەتی تاکەکەسی دروست دەکەن)).(عەبدوڵلا، ٢٠١٦، ل٥٢).

**دووەم/ نۆستالیژیای گشتی:** ئەم جۆرە لە نۆستالیژیا لەلای سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە و سنووری تاکەکەس تێدەپەڕێنێت و بووە بە هەستێکی گشتی و نەتەوەیی. ((ئەم جۆرە نۆستالیژیایە گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵێك بابەت و شتی گشتی، کە پەیوەندی بە گەڕانەوەی ڕابردوویەکی دووری ژیانی نەتەویەکەوە هەیە و گەڕانەوە و نۆستالیژیای گشتین کە باس لە زەمەن و شوێنێکی زۆر کۆن و زەمەنی زۆر دوور دەکەن)).(عەبدوڵلا، ٢٠١٦، ل٥٦).

## بەشی دووەم/ جۆرەکانی نۆستالیژیا لەلای شێخ نووری:

## تەوەری یەکەم/ نۆستالیژیای تاك:

هەردوو جۆری نۆستالیژیای (تاك و گشتی) لە شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا بوونیان هەیە. لەم تەوەرەیەدا باس لە نۆستالیژیای تاك دەکەین کە چەند جۆرێکی لای شێخ نووری بوونی هەیە.

**١) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو:**

گەڕانەوە بۆ سەردەمی جوان و پڕ لە خۆشی ڕابردوو و بەسەربردنی کاتی خۆش لەگەڵ ئازیزاندا لە شیعرەکانی شێخ نووریدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی ئەم جۆرە بە شێوەیەکی زۆر و بەرفراوان بەدی ناکرێت، بەڵام شێخ نووری لە چەند شوێنێکدا ئەم خۆزگە خواستە بۆ ڕابردوو ناشارێتەوە و لە شیعری (ئاورێك بۆ دواوە) دا دەڵێت:

**بڵێ: ئـــەی نازری ئـــەو دیمـــەنە جـــوانەی قـــــەرەداغ**

**دوور لە دەرد و لە پەژارە، لە خـــــەم و میحنــەت و ئاخ**

**ئەو دەمە شیعری دەوت هۆش و شــــعورێکی هـــەبـــوو**

**سەر و دڵخۆش و ڕەحەت کەیف و ســـــرورێکی هـــەبوو**

**ئێستـــــــا کۆمـــــــــاوەتەوە پشتی بەسەر جەدوەلدا**

**قسمـــــــەتی خــــۆی ئەمـــە بوو هەر لە دەمی ئەوەلدا**

**جـــــــەدوەلی مولحـــــــەق و تەسوییـــەی ناو ئـازاری**

**بـــــووەتە قــــافیە و میسرەعـــــــــی مـــەعنیـداری**

شاعیر لێرەدا یادی ڕۆژانی گەنجی دەکاتەوە کە دوور بوو لە خەم و داخ و مەینەت و ئازار. ئەو سەردەمەی هۆش و بیرێکی تیژ و فراوانی هەبوو کە شیعری بەرز و جوانی بەرهەم دەهێنا. بەڵام ئێستا پیر بووە و پشتی چەماوەتەوە و دەرد و ئازار بەرۆکی گرتووە و لێی نابێتەوە. ژان و مەینەت بووە بە هەوێنی بەرزی شیعرەکانی و لێی جیا نابێتەوە.

## ٢) نۆستالیژیای دووری و داپڕانی یار:

دووری لە یار و ئازیزان و دەردی فیراق دیوانی تەواوی شاعیرانی کەم تا زۆر داگیرکردووە. جودایی و داپڕان وەك تارماییەك دەستی کێشاوە بەسەر شیعری زۆربەی زۆری شاعیراندا. شێخ نووریش ئەم خەمی دوورییە ئازاری زۆری داوە و ژیانی لێ تاڵ کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین شیعری بەرز و جوانی هەیە. لە شیعرێکدا دەڵێت:

**هاوار من چیبکەم نە جێ ما نە یار**

**هـــــەر دڵ مایەوە پڕ دەر و ئازار**

**ئێستـــا لێرەبوو لە دەستـم بەربوو**

**لە ئـــەزەلەوە هـات بۆ ئەبەد چوو**

**کـــوێـــی بۆ بگـــەڕێم ئەو دڵڕوبایە**

**لە کـــێ بپرســـم ئـــەو بـێ نەوایە**

**ئـــاخـۆ رۆحی وا بە کام هـــەردەوە**

**وا مــنـــی خستـــە ئێــش و دەردەوە**

شێخ نووری بەهۆی دەردی جودایی و دابرانەوە، ئێش و دەرد میوانی هەمیشەیی دڵیەتی و ون بوونی لەناکاوی یار هۆکارێکە بۆ ئەوەی دڵی پڕ لە دەرد و ئازار بێت. لەلایەکی ترەوە بێ

سۆراغی و بێ هەواڵی یار هێندە بەئازار و ناخۆشە کە بووە بە ئیلهام بەخشی شاعیر بۆ نووسینی شاکارێکی لەم شێوەیە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

**وا ئێستا لەتاو ئاگری هیجرانی بەتـاوت**

**فرمێسکی ئەڵێی تەرزە و بـارانە دڵی من**

ئاگری هیجران و دووری یار هێندە بەتاو و کاریگەر، فرمێسك وەك تەرزە و باران لەچاوی شاعیردا دەخولقێنی.

**٣) نۆستالیژیای مەرگ و لەدەستدانی ئازیزان:**

مردنی ئازیزان و لەدەستدانیان گەورەترین کارەسات و تراژیدیایە بەسەر هەرتاکێکدا بێت. جا ئەو کەسە ئەگەر شاعیر بێت زۆر بە جوانی ئەو کارەساتە ناخۆش و جەرگبڕە دەکاتە سەرچاوەی داهێنانی هونەری. شێخ نووری لە دیوانەکەیدا بەشێکی تەرخان کردووە و ناوی لێ ناوە (بەشی شیوەن و ماتەمنامە). لەم بەشەدا شاعیر شیوەن بۆ لەدەستدانی چەندین کەسی نزیك و خزم و هاوڕێی دەکات و باری نالەباری ناخ و دەروونی خۆیمان بۆ دەخاتە ناو چوارچێوەی شیعرەوە و وشەکان دەبن بە کەرەستەیەك بۆ گوزارشتکردن لەو دۆخە ناهەموارەی کە شاعیری تێدایە. یەکێك لەو شیعرانە بۆ مەرگی براکەی نووسراوە کە ناوی (شێخ عەزیز) بووە و ساڵی (١٩٣٦) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و کاریگەری زۆری کردۆتە سەر شێخ نووری و دەڵێت:

**لە فـوارەی دڵ لەبەرچی خوێنی گەش نەڕژێتە سەرچـاوم**

**لەبەرچــی سوور نەبێ داوێنی بەدبەختیی بە خـــــوێنـاوم**

**ئەسیـــــــــری خــــــاکی گۆڕ و نەوجـەوانی پڕ مەلالم ڕۆ**

**عـــــــەزیزم ڕۆ، عـــــــەزیزم ڕۆ، عەزیزی نەونیهالم ڕۆ**

**لەوێ دیجلـــە وەکیلی دیدەکەی من بوو بە لێڵی و ســـوور**

**سکووتـــی خـەستـــەخانەت بوو بە شینی عائیلەی ڕەنجور**

**بـــرای جــــــەرگ و دڵ ســـــووتاوی کوردی پڕ مەلالم ڕۆ**

**عــــــەزیزم ڕۆ، عـــــــەزیزم ڕۆ، عـــەزیزی نەونیهالم ڕۆ**

شاعیر بەکۆچی دوایی براکەی فرمێسکی خوێنین دەبارێنێ و ئەم ڕووداوە بە ئەوپەڕی مەینەتی و بەدبەختی ژیانی ناودەبات. ئاوی چاوی بە دیجلە دەچوێنێ و دڵی سووتاوی پڕ لە مەلەل و خەفەتی خۆیمان بۆ وێنا دەکات. دەتوانین لەم شیعرەوە بارودۆخی دەروونی شاعیر بزانین کە چەند خەفەتبار و دڵ بە ئازارە.

شێخ نووری هەر بە تەنها (شێخ عەزیز)ی لەدەست نەداوە، بەڵکو چەند ساڵێك دواتر برایەکی تریشی بەناوی (شێخ برایم) لە ساڵی (١٩٥٠) بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە و برینی دڵی شێخ نووری قوڵتر کردۆتەوە. شاعیر لە هۆنراوەیەکدا کە بۆ ئەم مەبەستەی نووسیوە دەڵێت:

**بە شیـــــــــوەن بۆ پـــــــــزا بـــۆچـــی زبانی لاڵ و گیراوم؟**

**بە فرمێسـکـــــــی جــــــــەفا هەڵهاتووە برژانگەکەی چـــاوم**

**براله کـــــــــۆچـــــــی ناکامیـــت و جێگای بێ سەر و شوێنت**

**بەجـــــــــــــارێ تـانەیی لێلایی وا هێنـــــــایە ســــــەرچـاوم**

**بڵێســـــەی ئــــــاگـــری مـــەرگــت بە نەوعێ دڵمــی هەڵقـرچان**

**گــەیشتـــە عـــەرشـــی ئەعلا بۆ چرووکی جــەرگی ســووتاوم**

**لە ســـــاڵی مەرگی تۆی پرسی یەکێ پێم وت: بەمووی برژانگ**

**ئەنـــووســـم ((شێخ برایـــم ڕۆ)) بـــەخوێنـــاوی گەشـــی چاوم**

شاعیر گلەیی لە بەختی خۆی دەکات کە هەر لەسەرەتای لەدایکبوون و زمان گرتنەوە زمانی بە شیوەن و گریان پژاوە و چاوی بە فرمێسکی دەردی و ئازار هەڵێناوە. بڵێسەی ئاگری دووری و کۆچی دوایی براکەی ناخی سووتاندووە و پرستی لێ بڕیوە. لە دێڕی کۆتاییشدا بەپێی حروفی ئەبجەدی ساڵی کۆچی دوایی شێخ برایمی برای دیاری کردووە. لەدەستدانی ئازیزان و مەرگی خۆشەویستان بەرۆکی بە شێخ نووری گرتووە و هەر بە دوو براکەیەوە نەوەستاوە، بەڵکو کۆچی دوای (ئاورەحمانی خاڵۆزای) کە ساڵی (١٩٤١) هەر بە نەخۆشی لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە هێندەی تر بۆتە مایەی دڵتەنگی و ئازار بۆی. شاعیر لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

**چییـــە؟ ئەمـــڕۆ قەڵــــەم دووبــــارە هـــــاتۆتە زوبــــان ئەگری**

**بەتـــاو چاو و بەکوڵ دڵ، ئەم بە گــــوڕ دێ ئەو ڕەوان ئەگری**

**تومـــــــەس بـــــاڵای ئـــــــــــاوڕەحمانی دی دیدەم لەژێر خاکا**

**لەگەڵ هـــــــــــەوری بەهـــــــــــارا وا ئەڵێی بۆ ئیمتحیان ئەگری**

**وتـــم: ئـــەی دڵ بنووســـــــە ساڵی ماتەم دەسبەجێ فەرمووی:**

**بەشــــــــوێن تـــــــــــۆدا هـــــــــــەزارێك بلبلی ئاشیــان دەگری**

چاو و دڵی شاعیر بەکوڵ بۆ کۆچی ئاوڕەحمان شیوەن دەکەن و ئەشکی خوێنین دەبارێنن و هاوشێوەی هەوری بەهار بەخوڕ دەبارن. هەروەها لە دێڕی کۆتاییدا شاعیربەپێی حروفی ئەبجەدی ساڵی کۆچی دوایی ئاوڕەحمانی خاڵۆزای دیاری کردووە.

**٤) نۆستالیژیای پیری و مردن:**

پیری ئەو قۆناغەی تەمەنە کە ئەگەر مەرگ ڕێگە بدات هەموو کەس دەیگاتێ. بەشێکی زۆر لە شاعیران شیعریان بۆ ئەم قۆناغە نووسیوە. ئەگەرچی پیری قۆناغی حیکمەت و ژیری مرۆڤ و تەمەنی پێگەیشتنە، بەڵام بەهۆی لاوازی و نەخۆشی و بێ توانایی و بێ هێزییەوە زۆرکەس بەچاوێکی نائومێدانەوە لێی دەڕوانن. نۆستالۆژیای پیری لە شیعری شێخ نووریدا ئامادەیی هەیە و شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت:

**مووی سپی و پشتی خەمیدەم وتی بەسیە گڕوگاڵ**

**پیـــرم و ئێستە هەموو شەو کچـــی ڕەز ناخـــوازم**

**ســەربەرەو خوارەیە ڕێم، باوی قولم زۆر خۆشــــە**

**تێپـــــەڕی، قــووەتـــــی هەنگاوی ســەرەو هــەورازم**

**نییـــه كـــەس بـــاری نیـــازم بگرێته ســـەر شـــان**

**هـــــەر مەگـەر یـــــاری ئەجــەل بێتو بكێشیێ نازم**

**هــەرچی كـــردوومــــە لەمەوبەر دەمی نادانی بوو**

**نـــــادیمـم ڕەببی لە تۆ لـــوتف و كەرەم ئەخــوازم**

مووی سپی و تەمەنی پیری ڕێگا بە شاعیر نادات وەك سالانی پێشوو داری دڵداری و عیشقی سەوز بێت و ڕێگای بەرەو لێژایی تەمەن دەڕوات و كەس نییە هەڵگری باری خەم و نیاز و ئازاری شاعیر بگرێتە سەرشان و هەست بە تەنهایی دەكات. بۆیە تەنها ئومێدی بە ئەجەلە كە بێت و ئەم بارە قورسەی سەر شانی لاببات. هیوای بە لوتف و بەزەیی و رەحمەتی خوای گەورە هەیە كە لێی خۆش بێت و بەپێی ئەو كار و كردەوانەی پێشوو و سەردەمی نەفامی لەگەڵ نەگات و ڕەحمی پێ بكات و لێی ببورێت.

## ٥) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ سروشت:

سروشت بەدرێژایی مێژوو هاوڕێیەكی ڕەسەنی مرۆڤ بووە و لێی داپراو نەبووە و تەواوكەری یەكترن. ((نۆستالۆژیا و گەڕانەوە بۆ سروشت و ژیانی كۆنی گوند و چیا و دەشت و كانی و ڕووبار و شوانكاری و... تاد. باسێكی باش و كاریگەرە، بۆ خۆبەتالكردنەوە لەو خەم و ژانی دڵ و دەروون و ناخی مرۆڤدا)).(عەبدوڵلا، ٢٠١٦، ل٣٣٤). شێخ نووری وەك شاعیرێكی نوێخوازی كوردی، ناوەڕۆكی شیعرەكانی پڕن لە بابەتی سروشت و رۆمانسی و خودی. بەشێك لە دیوانەكەی ناو ناوە (بەهار و سروشت) كە پێكهاتووە لە هەشت شیعر. چوار دانە لەو شیعرانە بەناوی (بەهار)ەوە ناونراون. شاعیر لە یەكێكیاندا دەڵێت:

**بەهـــــــــارە دڵ هـــەوەسی گەردشــــــی گوڵستانە**

**چــــەمــەن سرور و فەرەح بەخشی بەزمی مەستانە**

**پیـــــــــــاڵە ڕەنگـــــــــــی نەدارایی بە ئاوادا**

**ســـــرور و بەزمی چـــــەمەن، نەقدی تەنگ دەستـانە**

**بیســـــاطـــــــی دەشـــــت مەقامی سروورخـــواهـانە**

**هـــــــــەوای بـــاغ مـــــورادی هـــــــەوا پەرستـــانە**

**لە ســـــوبحی تازە بەهـارا چەمـەن ئەوەی خۆشـــە**

**کە ئـــاخیـر نەفــــەســـی عــومــری پیری زستانـە**

هاتنی بەهار سەرەرای بەخشینی جوانی و پێشاندانی دیمەنی دڵڕفێن، هۆکارێکە بۆ لابردنی خەم و پەژارە و مرۆڤ بە تەماشای ئەو دیمەنە جوانانە خەم و ناڕەحەتی بیر دەچێتەوە و کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار نیشانەی بوژانەوە و سەرەتای تەمەنە و مایەی دڵخۆشی و ئارامییە. لە هۆنراویەکی تردا دەڵێت:

**بەهـــــارە ئــەمـــــڕۆ لەباغا وەنەوشە مەستی ئەکا**

**ســـــــــەبا لە پـــــــەڕەی گـــوڵدا دراز دەستی ئەکا**

**لە مـــــــــن فیدایـــــــــی تری لێـــرەدا نییە ئەمـــــڕۆ**

**بە غەیـــــری غونچە کە ڕەفعی حیجابی هەستی ئەکا**

**ئەگــــەر چ مــــەی نییە لــەم بەزمەدا بە تەنگەوە نیم**

**بەبـــێ پیاڵە لە بـــاغا وەنەوشــــە مەستـــــی ئەکا**

دیمەنی جوان و دڵگیری کەشی بەهارە کە شاعیری سەرمەست کردووە و دڵی تەژی کردووە لە شادی و ئارامی. ئەگەر مەی و شەڕابیش بوونی نەبێت شاعیر کێشەی نییە، چونکە وەنەوشە و باخ و چەمەنزار نەشئە و سەرمەستی بە مرۆڤ دەبەخشن.

## تەوەری دووەم/ نۆستالیژیای گشتی:

شیعرەکانی شێخ نووری وەك چۆن نۆستالیژیای تاکیان تێدا بەدی دەکرێت، بە هەمان شێوەش خاڵی نین لە نۆستالیژیای گشتی. هەموو جۆر و بابەتەکانی نۆستالیژیای گشتی لە شیعرەکانی شاعیردا بەدی ناکرێن. بۆیە ئەو بابەتانە دەخەینەڕوو کە دەچنە چوارچێوەی نۆستالیژیای گشتییەوە کە بریتین لە:ـــ

**١) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان:**

گەڕانەوە بۆ کەسایەتییە مێژوویی و نەتەوەییەکان وەك ڕەمزی نیشتمانی و سامانی گەل تەماشا دەکرێت لای شاعیران. ئەو کەسایەتییانە گەر سیاسی بن یان ئەدەبی یان هەر بوارێکی تر، دەبن بە موڵکی نەتەوە و شاعیر بە شانازییەوە باسیان دەکات. شێخ نووریش چەند هۆنراوەیەکی بۆ ئەم مەبەستە نووسیوە. لە یەکێك لەو هۆنراوانەدا کە بۆ (خووله پیزه)ی نووسیوه باسی قارەمانێتی ئەو پیاوە دەکات کە چۆن زوڵم و ستەمی لە دەسەڵات قبوڵ نەکردووە و یاخی بووە. (خووله پیزه) خەڵکی ناوچەی (چوارتا) بووە و هەرچەندە لای خەڵك بە چەتە ناوبانگی دەرکردبوو بەڵام دژی زوڵم و زۆرداری بوو و لە حکومەت یاخی بووە و پاشان بە دەستی جاسوسێك دەکوژرێت و وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی ناوی دەمێنێتەوە. ئەمەش وای لە شێخ نووری کردووە کە ئەم هۆنراوەیەی بۆ بنووسێت و هۆنراوەکە زۆر درێژە بەڵام ئێمە چەند دێڕێکی کەمی لێ دەخەینەڕوو:

**خـــووله پیزەی چەتەی مەشهور**

**جووتیارێ بوو لە شەڕ بەدوور**

**زوڵـــــم و زۆری (بانی شـــاری)**

**دەری پـــەڕانـــــد بـــە زۆرداری**

**بانـــی شاری کـوشت و دەرچوو**

**له داخـــــی شـــــورته یاخی بوو**

**له شـــــەڕێکا خـــــووله کـــوژرا**

**تـــــەرمـــــی لەو چیـــــایه نێـــژرا**

**پـــــاش بەینێ میـــری پێـی زانی**

**خولەیـــــان له گـــــۆڕ دەرهانی**

## ٢) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکان:

ئەو ڕووداوە سیاسی و مێژووییانەی کە ڕوودەدەن زۆرجار هێندە کار لە ناخ و دەروونی شاعیر دەکات دەبێتە هەوێنی بەرهەمێکی ئەدەبی. لە ساڵی (١٩٢٥) ڕووداوێکی گەورە لە تورکیا ڕوویدا کە ئەوکات و ئێستاش لەبیری خەڵك ماوەتەوە. لەو ساڵەدا تورکە کەمالییەکان دوای ئەوەی داوای یارمەتیان لە کورد کرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان و کاتێك بە ئامانج گەیشتن لە دژی کوردەکان وەستانەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و چەندین کەسایەتی گەورە و ناوداری کوردیان لە سێدارەدا. شێخ نووری لەم بارەیەوە دەڵێت:

**ئـــــەم زوڵمه کە دی میللەتی ئەم کوردە له تورکان**

**نەیدیـــــــــوە زەمـــــــانە چ له ئینس و چ له شەیتان**

**دەعـــــــوایی حـــــەقی میللەتییەت و گۆشەیی زیندان؟**

**پاڕانـــــــــــــەوە بۆ ژین و تەنافی مل و خنکان؟**

**هـــــــــاواری وەتـــــەن کردن و کوژران و فڕێدان؟**

**ئــەی ســـــاڵی گوزەشتە جگەرت لەت لەتی غەم بێ**

**نەتبینمەوە مەسکەنەکەت شـــــــــاری عـەدەم بێ**

ئەم ڕووداوە سیاسییە کاریگەری زۆری لەسەر دڵی شێخ نووری بەجێ هێشتووە، خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم شیعرە تێدەگات کە شاعیر چەند دڵ پڕ لە داخ و ژان بوو، ئەو زوڵم و ستەمەی سوپای تورکی کەمالی لە کوردی کرد لە مێژوودا وێنەی نەبووە. نە مرۆڤ و نە شەیتان کردەوەی وا ناشرینیان ئەنجام نەداوە و زەمانە شتی وای بە خۆیەوە نەدیوە. شاعیر دەپرسێت: ئایا ڕەوایە میللەتێك داوای مافی رەوای خۆت بکات بەڵام زیندان و گرتووخانە بەشی بێت؟! ئایا دەبێت گەلێك بیەوێت بە خۆشی و سەربەستی بژی بەڵام ئەنجامەکەی پەتی سێدارە و هەڵواسین بێت؟! چۆن دەگونجێت داوای نیشتمانی سەربەستی خۆت بکەیت و لە بەرامبەردا کوشتن و زیندەچاڵ و فڕێدان چارەنووست بێت؟! بێگومان ئەمە زۆر ناڕەوا و بێ ویژدانییە. بۆیە شاعیر لەو ساڵە بێزار و وەڕەسە کە ئەو تاوانەی تێدا ئەنجامدراوە و ئاواتەخوازە ڕوات و نەیبینێتەوە و جارێکی تر شتی وا دووبارە نەبێتەوە و گەلی کوردی ستەمدیدە بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد ببێت و دوور بێت لە کوشتن و جینۆساید و خەم و ئازار.

## ٣) نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆر و نەریتی کوردەواری:

هەموو گەلێك خاوەن نەریت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی. جا ئەم نەریتە لە جل و بەرگ و پۆشاکەوە بگرە هەتا دەگاتە سرود و گۆرانی و خواردن و کار و پیشە دەگرێتەوە. یەکێك لەو نەریتانەی کە لەناو کورددا باو بووە و شێخ نووریش شیعری بۆ نووسیوە بریتییە لە جووت کردن بە (گا). ئەمە لە کۆندا باو بووە و یەکێك بووە لە نەریتەکانی کارکردن. دیارە ئەم نەریتە بەهۆی کەمی پێداویستی جووت کردنەوە سەپاوە. چونکە لەو سەردەمەدا وەك ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئامێری پێشکەوتووی تایبەت بەو کارە بوونی نەبووە. شێخ نووریش بە گەڕانەوە بۆ ئەو نەریتە تایبەتییە شیعرێکی نووسیوە و تێیدا باس لەم نەریتە

دەکات و بە شتێکی زۆر باشی دادەنێ و پێی وایە ئەم کارە سامانێکی نیشتمانییەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی خۆمان بەرهەمی خۆمان دابین بکەین و بەبێ پارە ببین بە خاوەنی داهات و بەروبوومی خۆمان:

**کـــــــوردە تــۆ بۆچی ئەڵێی: ڕووتم و بێ لانەوبان**

**خــاوەنی جــووت و ماڵات و مـــەڕ و ران و شـــوان**

**بـــــایی تـــــارانییەکە وێژەبەرەو ئـــــــاسنەکـەت**

**پــارە دەرهێنـــەرە لەو ئـــەرزە ڕەقـــە گـاسنەکـەت**

**وەردی پـــارت هەموو ئاڵتوونە بە هۆر و بە جــەواڵ**

**وشـــکە وەردت هەیـــە قـەت ناتەوێ دەغڵی تەڕەکاڵ**

**بـــــەڕە و هـۆرت خـــوری چیغ و دەوارت لە مووە**

**چـــاکی لێ وردبییەوە هیچـــــی بە پـــــارە نەبووە**

**کـــــوتە جاوی شـڕی خۆتە ئەچی ئەیکەی بە کەڵاش**

**لە مەرەز بوزوو ئەڕێسیت و ئەشی کــــەی بە کەواش**

سەرەڕای ئەوەی شاعیر شانازی بە نەریتی کارکردن و هەرەوەزی گەلەکەیەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نووسینی ئەم شیعرە سودی لە چەندین شتی فۆلکلۆری بینیوە، لەوانە: هۆر و جەواڵ و چیغ و جاو و کەڵاش و بوزوو و کەوا و چەندین شتی تر.

## ئەنجام:

١. زۆربەی جۆرەکانی نۆستالۆژیای تاك و گشتی لە شیعرەکانی شێخ نووریدا بەدی ناکرێت.

٢. نۆستالۆژیای تاك لای شێخ نووری خۆی لە (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، دووری یار، مەرگ، پیری، گەڕانەوە بۆ سروشت) دا دەبینێتەوە.

٣. نۆستالۆژیای گشی لای شێخ نووری خۆی لە (کەسایەتی مێژوویی و نەتەوایەتی، ڕووداوی سیاسی، فۆلکلۆر)دا دەبینێتەوە.

٤. ئەگەرچی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو تایبەتمەندییەکی زەقی نۆستالۆژیایە، بەڵام ئەمە لەلای شێخ نووری زۆر بە کەمی هەستی پێدەکرێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ بەکوردی:

ـــ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی*، سلێمانی.

ـــ دیوانی شێخ نووری شێخ سالْح (٢٠٠٨)، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ـــ دیوانی شێخ نووری شێخ سالْح (١٩٨٩)، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای جاحظ، بەغدا.

ـــ دیوانی مەحوی (١٣٨١)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی سێیەم، انتشارات کوردستان، سنە.

ـــ عەبدوڵڵا، سۆان مامەند (٢٠١٦)، *نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، چاپی یەکەم، دەزگای ئاوێر، هەولێر.

ـــ مهرین، مهرداد (٢٠٠٩)، *قوتابخانە فەلسەفییەکان*، وەرگێرانی: سیدۆ عەلی داود، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

### دووەم/بە فارسی:

### أ/ کتێب:

ـــ دیوان حافظ (١٣٨٤), چاپ هشتم، انتشارات ساحل، تهران.

ـــ رومی، مولانا جلال الدین (١٣٨٦)، *مثنوی معنوی*, چاپ سوم, انتشارات سایەنما.

### ب/ سایت و گۆڤار:

ـــ بلاوی، رسول(١٣٩٨)، *بررسی جلوەهای نوستالژی در اشعار فاروق جویدە*، فصلنامە تخصصی ادب عربی، شمارە اول، تابستان، تهران.

ـــ جعفری، اسدالله (١٣٩٦)، *بررسی مفاهیم نوستالژیك در اشعار منصور اوجی*، فصلنامە پژوهشهای ادبی، شمارە (٥٧)، تابستان، تهران.

ـــ صیادی، احمدرضا (١٣٩٠)، نوستالژی در آثار ناصر خسرو و نظامی و خاقانی, آموزش زبان و داب فارسی, شمارە چهارم، تابستان، تهران.

ـــ مجدی، مریم (٢٠٢٠)، *معنی نوستالژی دلایل و راههای غلبە بر آن*, www. Chetor.com

ـــ www.wikiparsy.com

## بوخته ى لبكؤلنةوةكة:

نۆستالیژیا وەك بابەتێکی گرنگی سایکۆلۆژی کە پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، پانتاییەکی فراوانیشی لە ئەدەبدا داگیرکردووە. ئەم چەمکە بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و خەمی دووری و گەڕانەوە بۆ نیشتمان دێت. بێگومان نووسین و توێژینەوە و قسەکردن لەسەر چەمکی نۆستالیژیا وەك چەمکێکی هاوبەش لە نێوان سایکۆلۆژیا و زۆربەی زانستەکانی تر بە گشتی و ئەدەب بە تایبەت، کارێکی هەندێك گرانە و پێویستی بە خوێندنەوە و ئاگاداری تەواو هەیە لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنان و پێناسە و واتا فرە ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە. شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ ساڵح) هەڵگری هەندێك لە جۆرەکانی نۆستالیژیان و ئەم توێژینەوەیەش لەمەڕ ئەو بابەتە نووسراوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەیەك پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدانی نۆستالیژیا و جۆرەکانی لە ئەدەبدا باسکراوە. بەشی دووەمیش کە بەشێکی کرداری (پراکتیکی)یە تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر نۆستالۆژیا لە شیعرەکانی (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا

## الملخص:

إن الحنين إلى الماضي موضوع مهم يتعلق بالإنسان، هذا المفهوم يعني العودة إلى الماضي والقلق بشأن المسافة والعودة إلى الوطن. بالطبع، الكتابة والبحث والحديث عن مفهوم الحنين كمفهوم مشترك بين علم النفس ومعظم العلوم الأخرى بشكل عام والأدب بشكل خاص هو عمل صعب إلى حد ما ويحتاج إلى قراءة وإدراك تام لتاريخ الظهور والاستخدام والتعريف والمعنى متعدد الأبعاد، الحنين هو الاشتياق للأشخاص أو المكان أو الزمان وبه تتجلى مشاعر الشوق والحزن، فالكثير يشعر بالحنين ولكن القليل من يظهره، فالحنين هو شعور يسيطر على الشخص ويجعله يتمنى عودة الأيام والماضي والذكريات الجميلة فيرى العالم خالي من ما هو جميل، فالحنين موجود بالفطرة عند الإنسان وفي هذه المقالة سنقدم لكم أجمل ما قيل عن الشوق

وتستند الدراسة إلى قسمين رئيسيين وعدة محاور، في الجزء الأول، يرد في الأدب مفهوم وتعريف وتاريخ ظهور الحنين إلى الماضي وأنواعه. الجزء الثاني هو جزء عملي مخصص للحديث عن الحنين إلى الماضي في قصائد الشيخ نوري الشيخ صالح.

## Abstract:

Nostalgia is an important human subject, this concept means returning to the past, worrying about distance and returning home. Of course, writing, researching, and talking about the concept of nostalgia as a concept shared by psychology and most other sciences in general and literature in particular is a rather difficult work that needs to be read and fully aware of the history of its emergence, use, definition, and multidimensional meaning. Nostalgia is the longing for people, place or time, and feelings of longing and sadness are manifested. Many feel nostalgic, but few show it. Nostalgia is a feeling that controls a person and makes him wish for the return of days, the past and beautiful memories, and he sees the world as empty of what is beautiful. Nostalgia exists in human nature, and in this article we will present to you the most beautiful of what was said about longing. The study is based on two main sections and several axes: The first part contains the concept, definition and history of the emergence of nostalgia and its types in literature. The second part is a practical part dedicated to talking about nostalgia in the poems of Sheikh Nuri Sheikh Saleh.